# پاڵەوانی میدیای ئازاد

مەنسوور تەیفووری

لەچەند هەفتەی رابردوودا ئاگامان لەدەرکەوتنی پاڵەوانێکی سەیربوو لەنێو میدیاکانەوە، پاڵەوانێک کە لەپڕو لەچرکەیەکدا ئاڵای ئەوەی هەڵکرد کە ئەو هەندێ حەقیقەتی شاراوەو نەزانراوی لەنێو مێژووی نهێنیدا دۆزیوەتەوەو هەر ئەم دۆزینەوەیەش، ئەو لەنووسەرانی رەسمیی مێژوو جوێدەکاتەوە: بانگەکەش زۆر بە ئیشتیاوە لەلایەن بەشێکی زۆری میدیاکانەوە گوێزرایەوەو لەپڕ ئەم کەسە بوو بە باسی هەموو شوێنو جێگەیەکو دواتریش خۆیو ئەو میدیاش کە بەرهەمی هێنابوو، بە سانایی پەنایان بردە بەر گوتاری قوربانیسازییو خۆشیان وەک قوربانی نواند. ئەم بانگدەرەی حەقیقەت عیرفانی قانعی فەرد بوو کە لە گۆڤاری لڤینەوە دەدواو لڤینیش هەموو بانگەشەکانی ئەوی کردبووە مانشێتی بەرگی یەکەمی دەرەوەی خۆیو بە هەڵلاوە گەورەکرابوو چما دوای ئەم وتانەو ئەم حەقیقەتە مەگۆیانە بڕیارە جیهان بگۆڕێتو بەمەش دیسان خوێنەرو کۆی کایەی ژوورنالیستی ماوەیەکیتر بە شتێکەوە سەرقاڵ بوون کە لە بنەڕەتدا هیچ بەهایەکی نییەو تەنیا زڕەحەقیقەتە.

قانعی فەرد بانگی ئەوە دەدات کە ئەم حەقیقەتە گەورەیەی پێیە کە " لە نێوان قازی محەممەدو مەلا مستەفا" دا ناکۆکی هەبووەو ئەمانە یەکیان خۆشنەویستووەو ئەو لە شوێنێکی نهێنی، جا تاریکخانە سەیرەکانی تاران بێت کە رەنگە تەنیا ئەو بتوانێت بۆی بچێت یان ئەرشیفێکی نهێنی کە تەنیا دەستی ئەوان کەسانی پێدەگات، دۆزیویەتەوە کە ئەمانە ناکۆک بوونو.. هتد. دەربارەی ئەم بانگە پێویستە ئەوە بگوترێت کە راگەیاندنی بوونی ناکۆکی لەنێو هیچ گرووپو تەنانەت کۆمەڵگایەکیشدا کارێکی تازە نییەو هیچیش پێوەندی بە حەقیقەتەوە نییە، ئاماژە بۆ هەبوونی ناکۆکیو کردنی ئەمە بە نیشانەی پێوەندیی بە حەقیقەتەوە نیشانەی بێئاگاییەکی گەورەیە لەم راستیەی کە هەموو گرووپێک خاوەن ناکۆکی ناوەکییە کە پێی دەگوترێت ئانتاگونیزمو بەرزکردنەوەی ئەم ناکۆکییە بۆ ئاستی حەقیقەتە کە پێوەری ناسینەوەی مێژوونووسی رەسمییە، واتە ئەوە مێژوونووسی دەربارییە کە کۆی مێژووی کۆمەڵگاکانو ناکۆکییەکانیان دەگوشێتە مێژووی یەک یان چەند سەرکردەو رێبەرەوەو لێرەوەش مێژوویان پێدەبەخشێت، مێژوونووسی دەرباریە کە هەموو مێژوو لەیەک سیمادا چڕدەکاتەوەو کتێبی هەزاران لاپەڕەیان دەربارە دەنووسێت، ئەوە مێژوونووسی رەسمییە کە نازانێت مێژووی راستەقینە نەک مێژووی سەرکردەو ناکۆکیەکانیان، بەڵکوو مێژووی ئەو رەنجە بێ سەروشوێنانەیە کە هیوایان بەم بزووتنەوانە بەستووە، مێژووی راستەقینە مێژووی قوربانییانی دیرۆکی درێژی سەرکوتو مێژووی هیوا بەدینەهاتووەکانە، ئەوە مێژوونووسی رەسمییە ئەم ئایدیایانە لەبیردەکاتو بە ناکۆکی سەرسامە، ئەوە مێژوونووسی رەسمییە کە هەر وەک دیکتاتۆرەکان، بە کردنی ناکۆکی بە شتی سەیرو نائاسایی، داوای کۆمەڵگای بێ ناکۆکی دەکاتو رێگە بۆ سەرکوت خۆش دەکات، مێژوونووسی نارەسمی پێویستە بیری بێت کە خەڵک دەزانن سەرکردەکانیش کەسانێکی ئاسایین بە تواناییو ناتوانی تایبەتی خۆیانەوەو تەنیا ئەوەیە کە لە پەیمانێکی نەنووسراوو هێماییندا خەڵک متمانەی خۆیان دەبەخشنە سەرکردەکانو چ کاتیش پێویست بێت ئەم متمانەیان لێدەستێننەوە. ئەم نەزانینو لەبیرکردنانە هەر هیچ نەبێت ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئەوەی رێبەرو بزوێنەری دەستدانە نووسین بووە لای ئەم بانگدەرە نوێیە، نەک سەودای حەقیقەت، بەڵکوو راکێشانی بڕی زیاتری بەرخۆرو گوێگرە کە هەمان

**لەم چەند ساڵەی دواییدا گەلێ نموونەی وەها هەیە کە بە یەک شەوو تەنیا بە پشتو پەنای گوتاری قوربانیسازیو خۆ بە قوربانی نواندن، لەپڕ بوونە ناوەندی کایەی ژوورنالیستیو پاڵەوانی میدیایی**

مۆرکی کاری ئەو کۆمپانیایانەی هەیە کە بە بێ پێوەر بانگی ئاوەدانیمان بۆ دەدەنو تاقە مەبەستیشیان تەنیا فرۆشی زیاترو زیاترو کارو کاسبییە، لەم بانگەشەدا کولتوور بە تەواوی دەڕوات بکرێتە مەیدانی کاروکاسبی.

بەڵام جگە پرسیار لەمیتۆدی ئەم چەشنە نووسینەی مێژوو، خاڵی جێگە سەرنج ئەو پەلامارەیە کە میدیاکان بۆ گواستنەوەی ئەم هەواڵە دایانو چما هەر کەس لێی دوابکەوێت ئەوە سەنگی نەماوەو کۆتایی کاریەتی، واتە ئەم بانگە توانی کۆی کایەی ژوورنالیستی بە خۆیەوە خەریک بکات. هەر بەم پێیەش پرسیاری راستت ئەوەیە بپرسین لەکام ناوکۆییدایە ئەم جۆرە سیمایانە دەتوانن بە سانایی دروست ببنو کە کێشەکەش تەواوبووو دوایی سەیرتکرد ببینی کە تەنیا لاپەڕە رەش کراوەتەوەو کەسێک یان کەسانێک ژێستی قوربانییان گرتووەو کەچی هیچ شتێک ئاشکرا نەبووەو شتەکان تەنیا لێڵتر بوونەوە.

لەم چەند ساڵەی دواییدا ئاگامان لەگەلێ نموونەی وەهایە کە بە یەک شەوو بە بێئەوەی هیچ شتێکیان بە کایەی کولتووری زیاد کردبێتو تەنیا بە پشتو پەنای گوتاری قوربانیسازیو خۆ بە قوربانی نواندن، لەپڕ بوونە ناوەندی کایەی ژوورنالیستیو پاڵەوانی میدیایی (رۆژگارێک ئەم پاڵەوانانە بە شارگۆڕینێک دەیانتوانی ئەم کارە بکەن). ئەم پاڵەوانە میدیازادە دەتوانێت لەناخی ئەو کایەوە لەدایک ببێت کە پێشتر تێیدا کەسێک دەتوانێت ژیانی شەخسیی کەسێکی دیکە بکاتە راپۆرتو کەچی بە قوربانیش وەربگیرێت ( گشتاندنی کێشەی شەخسیمان بیرە لەگۆڤاری جیهانو بەڵگەدا کە سەنگی کۆی کایەی ژوورنالیزمی شکاندو دەسەڵات خۆشی ویستبای نەیدەتوانی ئەوە بکات)، لەو مەیدانەوە لەدایک دەبێت کە تێیدا بۆ بانگی حەقیقەت تەنیا پێویستە بتوانی ژیانی شەخسی کەسانی دیکە ئاشکرا بکەی، ئەم جۆرە پاڵەوانە لەو فەزادا لەدایک دەبێت کە تێیدا خوێنەر تەنیا بە هەستی دەورووژێنرێتو خوێنەر تەنیا وەک کڕیار سەیر دەکرێت، لەو کایەدا بەرهەم دێت کە تێیدا جنێو نووسین دەتوانێت زیاتر لەلێکۆڵینەوە کاریگەر بێت، لەو کایەدا لەدایک دەبێت کە تێیدا کۆمەڵێک میدیا خۆیان خزاندۆتە نێو کایەی میدیای ئەهلییەوەو ئەو سەرمایە هێماییەنە دەخۆنو بەکاردێنن کە خۆیان نەک بەرهەمیان نەهێناوە بەڵکوو خەریکی رێشەکێش کردنین، لەو کەشەدا لەدایک دەبێت کە تێیدا هەندێ میدیا تەنیاو یەنیا پشکی خۆیان لەبازاڕ بۆ گرنگەو پێوەرو رێساکانی بازاڕ بە سەر کۆی کایەی ژوونالیستیدا دەسەپێننو وەک کۆمپانیاکان تەنیا پێوەریان فرۆشی زیاترو راکێشانی بڕی زیاتری خوێنەرە - جا ئەگەر بۆ کۆمپانیاکان دەزگایەکی ستاندارد هەبێت، بۆ ئەمان نییە، چونکو گوتاری قوربانیسازی هەر دەم ئامادیە پشتیوانییان بکات.

دیارەو ئاساییە کە میدیایەکی ئەهلی بیر لەفرۆشی زیاتر بکاتەوە، بەڵام ئێستە ئاگامان لەئامادەیی هەندێ میدیایە لەنێو کایەی ژوورنالیسمی ئەهلیدا کە پێوەری دیکەی دەرەوەی پێوەرەکانی کایەی ژوورنالیستی بە سەر کۆی کایەکەدا زاڵ دەکەن کە لەدواییدا هیچ نییە جگە پێوەرەکانی بازاڕو تەنیا سەودایان دەسکەوتنی بەشێکی زیاترە لەبازاڕو تەنانەت بگرە میدیاش هەبن کە کەسانێکی تایبەت بۆ لێدانی یەکتر هەر لەنێو ئەم مەیدانەدا درووستیان کردبێتو ئەمانەش وەک ئەهلی خۆیان بناسێننو دیسان سەرمایەی میدیا ئەهلی خەرج بکەن: کێشەکە ئەوەیە کە ئەم جۆرە میدیایە خەریکە پێوەرەکانی خۆی بە سەر کۆی کایەکەدا زاڵ دەکاتو بەم کارەش نەک هەر کایەی ژوورنالیزم بەڵکوو کۆی کایەی کولتووری دەگۆڕێت بۆ کاروکاسبیو ئەمەش جگە لەبڕینی هەناسەی ئەو کەمە میدیایەش کە هێشتا بەرامبەر گۆڕان بۆ کار وکاسبیی خۆڕاگری دەکەن، زیاد لەوەی خۆی خەیاڵی بکا خزمەتی ئەو دەسەڵاتە دەکات لەوادەزانێت دژیەتی.

# دروستکردنی بەرزترین تاوەر، لەسلێمانی ناڕەزایی هاوڵاتییانی لێدەکەوێتەوە

ئا: زمناکۆ ئیسماعیل

**ماوەی دوو ساڵە کۆمپانیای (ڤاڵگۆن) دەیەوێت سێ تاوەری ٣٣ نهۆمی، لەگەڕەکی سەرچنار، لەسەر رووبەری ١٨دۆنم زەوی دروست بکات، بەڵام تاوەکو ئێستا شارەوانی سلێمانی، بێئاگایە لەچۆنێتی دروستکردنی ئەو تاوەرانە، دانیشتوانی ناوچەکەش بەدروستکردنی ئەو پرۆژەیە ناڕازینو سکاڵای یاسایی لەسەر خاوەنەکەی تۆمار دەکەن.**



دروستکردنی تاوەری بەرز لەناو گەڕەکەکان هاوڵاتیان بێزار دەکات

فۆتۆ: یەحیا ئەحمەد

یەکێک لەدانیشتوانی ئەو گەرەکە، کە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، باسی لەوەکرد، حکومەت ئاگای لەدروستکردنی ئەو پرۆژەیە نییە، بەبڕوای ئەو هاوڵاتیە دروستکردنی ئەو تاوەرانە دەبێتە هۆکارێک بۆ پیسبونی ژینگەی ناوچەکەیان، بۆیە دەڵێت "ئێمە داوامان لەبەرپرسانی پرۆژەکە کردەوە یان دەبێت دەست لەو کارەیان هەڵبگرن، یاخود ئێمە ئەم ناوچەیەیان بۆ چۆڵ دەکەین، هەرلەبەر ئەوەش داوای یاسایان لەسەر تۆمار دەکەین".

هاوکات پارێزەر ستار خوارەحم حەمە، بریکاری دانیشتوانی گەڕەکی سەرچنار، سەبارەت بەهەمان باس، ئەوەی روونکردەوە کە ئەو کەیسە دوو سەرپێچی یاسایی تیادایەو وتی "ئەو شوێنە، ناوچەیەکی نیشتەنییە، پێم سەیرە ئەو پرۆژەیە چۆن مۆڵەتی بازرگانی دراوەتێ؟!، پاش بەدوادچونمان بۆمان دەرکەوت ئەو بینایە بەهیچ شێوەیەک مۆڵەتی دروستکردنی وەرنەگرتوە" ئەم پارێزەرە زیاتر دواو وتی "ئایە کۆمپانیایەکی بازرگانی لەپای چی، تابەرواری ٢٠١٠/٧/١٨/ توانیویەتی ١٥ نهۆمی لەسەر دروست بکات، لەسەر مۆڵکی (٤ لەسەر ٢٣٦) بەشی ئابڵاخ، کەدابەشبووە بۆ دوو بەش، بەچ رێنمایو بەچ یاسایەک ئەو ١٥ نهۆمەی دروستکردووە؟، ئایا شارەوانییەکانی سلێمانی بەشی مۆڵەتو بەشی زیادەڕەوی، لێپێچینەوەی یاساییان کردووە بەرامبەر بەو دەرچونە نایاساییانە یان نا؟!. ئەگەر کراوە بۆچی دروستکردنی بینا بەردەوامە.!".

هەر سەبارەت بەم باسە ئەندازیار ئاراس ناجی نوری بەڕێوەبەری شارەوانی رۆژئاوای سلێمانی دەڵێت "ئەو کارە، کۆمپانیای ڤاڵگۆن کاری تیادا دەکات، بەڵام تائێستا ئێمە نازانین بەموڵکی هی کێیە، چونکە سورە قەیدو تاپۆی رەسمی ئەو کارەمان پێ نەگەیشتووە". هەروەها ووتیشی "بەشی زیادەڕەویو لیژنەی بەدواداچونەوە چەند جارێک سەردانی ئەو شوێنەیان کردوە، بەڵام هیچ زانیارییەکیان نەداوینەتێو، پێیان گوتوین (زانیارییەکان لای پارێزەرەکەمانە)." سەبارت بەوەش کە لەشوێنی نیشتەجێبوندا نابێت بینا لەپێنج نهۆم بەرزتر بێت، ئەو بەرپرسەی شارەوانی وتی "شارەوانی بەپێیی شەقامەکان بەرزی نهۆمەکان دیاری دەکات، ئەگەر شەقامێک پانی ٢٠ مەتربێت ئەوا، ڕادەی ڕوناکیو تیشکی خۆری تیادا ڕەچاو دەکرێت، بەنیسبەت ئەم تاوەرەشەوە هەمان برگەی یاسای دەیگرێتەوە، تائێستا ئەو ٣٣ نهۆمە بڕیاری تەواوی لێنەدراوە چی لێدەکرێت، وە نەخشەو زانیارییەکانی ئەو بینایەمان بەدەست نەگەیشتووە".

هەروەها باسی لەوەشکرد کە تەنها شارەوانی بەرپرس نییە، لەو تەلارە بازرگانییانە "بەڵکو دەستەی وەبەرهێنانو گەشتو گوزاریش لێیی بەرپرسیارن".

هەر دەربارەی ئەو تاوەرانە سەرۆکی شارەوانی سلێمانی، خەسرەو کەمال دەڵێت

"ئێمە زانیاریمان لەسەری نییە، لەئێستادا هیچ شتێکمان لەبەردەستدا نییە".

## نزیکی ٣ بۆ ٤ ملیۆن دۆلارمان خەرجکردووە، دەکرێت کارەکەمان هەڵبوەشێنینەوە

خاوەنی کۆمپانیای ڤاڵگۆن لەسلێمانی نەوزاد جاف، ئەوە روون دەکاتەوە، کە ئەو سێ تاوەرە دەبێتە بەرزترین تاوەر لەعێراقدا، دەربارەی خاوەنداری زەوییەکەش وتی"زەوییەکە هی کۆمپانیایی نۆکان بووە من لێم کڕیونەتەوە، مەرجی ئەوان بۆ من ئەوە بوو کە ئەو زەوییە بکەمە شتێکی تایبەت بۆ شاری سلێمانی، بەڵام لەبری ئەوەی دەستخۆشیمان لێبکەن، لەبەر شتی تایبەت بەخۆیان، شکاتییان لێکرودین، لەکاتێکدا ئەو کارەی ئێمە، دەبێتە سەر بەرزییەک بۆ شاری سلێمانیو گەڕەکەکەش".

دەربارەی ناڕەزایی بەشێک لەدانیشتوانی ناوچەکە کە پێیان وایە نرخی خانوەکانیان دادەبەزێ ووتی "لەسەر چی ئەساسێک نرخی خانووەکانیان دادەبەزێت؟، ئێمە ئەو ناوچەیە لەشوێنی زبڵو خاشاکی بەرماوەی خۆیانەوە، دەگۆڕینە سەر جوانترینو بەرزترینو بەنرخترین پرۆژە لەعێراقدا، ئەوەی کەکردومانە یاساییە، بابێن سەیری نەخشەی بیناکە بکەن" دەربارەی داواکاری هەڵوەشاندنەوەی کارەکانیان وەک خەڵکی ناوچەکە داوادەکەن، ناوبراو بە توندی ئەوەی رەت کردەوو وتی "نزیکی ٣ بۆ ٤ ملیۆن دۆلارمان خەرجکردووە، ئێستا دەکرێت کارەکەمان هەڵبوەشێنینەوە". لەلایەکی ترەوە عامر کەمال سەرپرشتیاری پرۆژەکانی کۆمپانیای ڤاڵگۆن، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە نەخشەی کارەکەیان داوەتە شارەوانی سلێمانی، بەڵام ئەوەشی نەشاردەوە کە پێشتر کێشەیان لەگەڵ شارەوانی هەبوە، ئەو وتی "بەڵام دەمانەوێت ئەو کێشانە بەرێ بکەینو مۆڵەتەکەی تەواو بکەین"

سەبارەت بەداواکاری خەڵکی ناوچەکەش بۆ راگرتنی کارەکانیان وتی "خەڵکی لەخۆیانەوە بڕیار ئەدەنو داوای یاسای تۆمار دەکەن، بڕیاری ئەم بینایانەش لای خەڵکی نییە، لای حکومەتە، ئەوان ٢٠٠ مەترییان هەیە لەم ناوچەیەدا، ناتوانن ١٨ دۆنمی ئێمە لەناوبەرن".



نێچیر

عەلی مەحمود محەمەد

دوو هەفتە جارێک دەینوسێت

# دینارتێو هەڵەبجە!

- ناحییەی دینارتێ، لەساڵی١٩٦٣ کە جاشە زێبارییەکان پەیوەندییان کرد بە میهنەی خەبیسەوە لەگەڵ یەکەم چالاکییان، داگیریان کرد، ئەوسا تەنها ٢٠ ماڵ لێی نیشتەجێ بوو، ١٤ی کریستیانو ٦ موسڵمان، دانیشتوانەکەیان هەموو تارومار کرد، نازانم گۆڕستانەکەیتان بینیووە، بزانن چەند گۆڕی پێشمەرگە، یان قوربانی چەکی کیمیاوی، یان هاوڵاتی سڤیلی شەهید یاخود جاشی لێیە؟ کەچی ئێستا باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش ئەکرێتو مەرکەزی قەرارە. خزمەتگوزارییو ژیانیان لەخەڵکی هەڵەبجە گەلێک باشترە. جاران بۆ چەند دینارێک خەڵکی ئاکرێیان دەکوشت، ژنیان بە مارەییەوە بە پیاو بە تەڵاق دەدا، پەلاماری کچانیان دەدا، برا هەنووکە نەک تەنها دینارتە هەموو لادێ کریستان نشینەکانی نەهلە هەر لەلایەن ئەوانەوە کراوە بە مستەوتەنات، دەشڵێین کورد بۆ کریستانەکان میهرەبانن، ئیتر لۆمەی کریستانو ئێزیدی بۆ دەکەن ئەگەر ئیعلانی خەباتی چەکداریش لەدژی دەسەڵاتی کوردی بکەن! تکایە زەویو گوندو ماڵی داگیرکراویان بۆ بگەڕێننەوە.

- هەڵوێست (نەوشیروان مستەفا): ئسلوبی ململانێی سیاسیمان لەململانێی چەکدارەوە بۆ ململانێی سیاسیی گۆڕی) قوڕ بەسەرمان تا ئێوە فاریزە بە رومانەو وشەتان بە فیشەک دەگۆڕییەوە، وەڵامی پێتتان بە روکێت دەدایەوە گرەوتان لەهەمووان بردەوە، ساڵەح دوگلەی بەسزمان تەنها چەند دێرێکی نووسی، ئەگەر لەبەر دەستتان بوایە بە زیندویی پێستیان لەلەشی دادەماڵی ئێستاش بوون بە داهێنەری ئازادیو دیموکراتی؟ ئەمە دنیایە هەموو بەهاو بۆچونەکان لەگۆڕاندایە، من هێندە دەزانم دادگای ئازاد لەکوردستان هەبوایە یەک سەرکردەی کورد لەدەرەوەی زیندان دەبوایە نەمایە!.

-چاودێر ((عیماد ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی "ی.ن.ک" لەمیانەی دیدارێکیدا لەبەرنامەی لێکدانەوەی هەواڵی کەناڵی "کوردسات" داو لەوەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەوەی کە ئایا تاچەند ناردنە دەرەوەی نەوت پەیوەندی بە "ی.ن.ک" ەوە هەیە، رایگەیاند"بەهیچ شێوەیەک یەکێتی پەیوەندی بە ناردنەدەرەوەی ئەو نەوتەوە نیە"، کاکە عیماد نازانێت نەوتەکەی خۆی پێ دەگرێت بەدەستی کەس ئاودیو ناکرێت، وڵات بۆ هاندەران بەجێ دەهێڵێت، یەکێتی بە سزمانە بازرگانی هەر نازانێت، تا گردەکەی کاکە عیماد لەخانەقین ئاوا ئاوا بێت، هەقی وایە کاکە عیماد هەقی بەسەر ئەم وەڵامدانەوە نەبێت، لەنێوان گردو سیاسەت یەکیان هەڵبژێرێت.

ئاوێنە "وەفدێکی یەکێتی بەنهێنی سەردانی نەوشیروان مستەفا دەکات"، ئەمەیان ئێوە لێی ئاگادارن، ئەی ئەو رێککەوتنانەی کەس ئاگای لێی نییە؟ ئەو پەیمانامە دوو قۆڵیانەی ئاشکرا نییە؟ ئەو گەمە سیاسیانەی تا سەر ئێسک نهێنییە؟ سیاسەت بنی قوڵە بۆیە هەموو جارێک گەنجان دەخنکێنێت.

- کوردستان نیوز "موشیر گەلاڵی دوای ئەوەی لەکۆنگرەی دووەمی حیزبەکەی بەبیانوی هەبوونی پەیوەندیو مەلەفدارێتی حیزبی بەعس لەلیستی ئەندامانی سەرکردایەتی سڕایەوە. خۆی بە لینکی نێوان دەزگای هەواڵگریو کۆمەڵی ئیسلامی لەقەڵەمدەدات.هەر ئەو پەیوەندییە نهێنینانەی کۆمەڵو حیزبی بەعس وایکرد، موشیر گەلاڵی لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا ناوی بسڕدرێتەوەو سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامیش لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستەدا بێدەنگی هەڵبژارد." لەقۆناغی حەملەی ئیمانی بەعسدا هەموو رێککەوتنێک لەگەڵ بەعسدا حەڵاڵ بووە، تاوانی کاک موشیریش تەنها ئەوەندەیە بۆ پارتەکەی لینکێکی ئاکتیڤی بە بەرهەم بووە.

- ئاوێنە: سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو "پارتی چاودێری کارەکانمان دەکات"، ئەگەر ئەوە نەکات ئەی بۆ ناوی پارتییە؟ پارتی چاودێری هەموو پارتێک، هەموو تاکێک هەموو دوکانۆکەو سیاسییەک، هەموو پارچە زەویی خاڵییەک، هەموو کۆمپانیاو کارگەو فابریقەیەک، هەموو باخچەو بنجە دارو بەردو گوندێک لەکوردستان دەکات، خۆی بەخاوەنداری هەموومان دەکات.